ئەم توێژینەوەیە لە گۆڤاری ڕامان، ژمارە ٣٣٨ ساڵی ٢٠٢٥ بڵاو کراوەتەوە.

# ئایا ناوی ئەربیل لە ئەربائیلۆی ئاشوورییەوە هاتووە؟

بێوار ڕەسوول (سوداد ڕەسوول)

هەولێر وەک کۆنترین شارێکی دنیایە کە مێژووەکەی بۆ پێنج هەزار ساڵ پێش ئێستا دەگەڕێتەوە، شارێک بەبەردەوامی ئاوەدانی تێدا بووە و لە تۆمارە مێژووییەکانیش لە هەموو سەردەمێک هەر لە زۆر کۆنەوە وەک شارێکی مێژوویی ناوی هاتووە. ناوە کۆنەکانی زۆر شێوەی هەبووە، هەموو شێوەکانیشی یەک ڕیشەی هەیە و دەچێتەوە سەر کۆنترین ناوهێنانی لە بەردەنووسە سۆمەرییەکاندا کە ئوربیلوم Urbílum بووە، بەڵام ئەمڕۆ شارەکە دوو ناوی هەیە، ناوە نێودەوڵەتییەکەی بە "ئەربیل" ناسراوە؛ ئەم ناوە لای نەتەوەکانی دراوسێی کورد وەک عەرەب و تورک و فارس بەکار دێت، لە سەر ئاستی جیهانیش هەر بەم ناوە ناسراوە؛ بەڵام لە کوردەواری هەر بە "هەولێر" ناسراوە. ئیتیمۆلۆجی، یان ڕیشەی ئەم دوو ناوە لای زۆر لە شارەزایان جێگەی مشتومڕ و ڕای جیاواز بووە، بەڵام ئەوەی زیاتر مشتومڕی لەسەرە ئەو بۆچوونەیە کە گوایە ناوی ئەربیل لە ناوی "ئەربائیلو"ی چوار خواوەندی ئاشوورییەکانەوە هاتووە؛ ئەم ئیتیمۆلۆجییە زیاتر لە سەرچاوە مەسیحییە ئاشوورییەکان تەئکیدی لەسەر دەکرێتەوە، بۆ ئەمەش پێیان وایە هەولێر لەسەردەمی ئاشوورییەکان مەڵبەندی پەرستنی چوار خواوەندی بەناوبانگی ئاشووری – بابلی ناسراو بە عەشتار – ئەربائیلو بووە، بۆیە ڕیشەی ناوەکەش دەگەڕێتەوە بۆ ئاشوورییەکان، ئەمە سەرەڕای ئەوەی بەهۆی ئەم ناوەوە هەوڵ دەدرێ شارەکە ناسنامە و مێژوویەکی ئاشووری بۆ دروست بکرێ و وا نیشان بدرێ کە ئەم شارە هەر لە کۆنەوە هیی ئاشوورییەکان بووە، کورد مێژوویێکی ئەوەندە کۆنی نییە و لە مێژوویێکی نزیک هاتوون تێیدا نیشتەجێ بوون.

له ڕێڕەوی لێکۆڵینەوەکان، هەمیشە زانیاریی نوێ و نەبیستراو لەبارەی ئەم شارە دەدۆزرێتەوە و مێژووەکەشی باشتر ساغ دەکرێتەوە، لە هەمان کاتدا ناوەکەشی بۆ شارەزایانی مێژوو ئاشکرا دەبێت کە ئەسڵەکەی لە چییەوە هاتووە. یەکێک لە توێژینەوە زانستییەکان کە بەمدواییە لەبارەی مێژووی شارەکە نووسراوە لە لایەن شوێنەوارناسی بەریتانی جۆن مەگینیس John MacGinnis بووە، بەناوی "شارێک لە بەرەبەیانی مێژوودا: هەولێر لە سەرچاوە بزمارییەکاندا"[١]. ئەم کتێبە کە بە ئینگلیزی نووسراوە، لە ماوەی مێژوویی نێوان سێ هەزاری پێش میلاد بۆ ناوەڕاستی هەزارەی یەکەمی پێش میلاد، هەتا هێرشەکەی ئەسکەندەری مەکدۆنی بۆ هەولێر، مێژووی شارەکە دەگێڕێتەوە، ٣٠٠ دەقی میخی (بزماری) دیراسە کردووە کە ئاماژەیان بە ناوی "ئەربیل" داوە. لەم توێژینەوەیەدا زانیاریی نوێ لەبارەی مێژووی هەولێر باس دەکات، یەکێک لەم باسانە کە ئاوڕی لێ داوەتەوە، ئیتیمۆلۆجیی ناوی ئەربیلە، کە بەپێی سەرچاوە بزمارییەکان دەیانخاتە ڕوو کە ئەم ناوە لەسەرەتاوە چۆن بووە و دواتر چۆن گۆڕانی بە سەردا هاتووە و ئەمڕۆ بووە بە ئەربیل. بەهۆی بایەخی ئەم باسە بۆ مێژووی شارەکە بە پێویستی دەزانین لەم وتارە ئەم ناوانە بخەینە ڕوو بۆ ئەوەی بزانین ناوی ئەربیل هەتا چەند پەیوەندیی بە ئەربائیلوی ئاشوورییەوە هەیە؟ هەروەها ناوی هەولێریش چۆن پەیدا بووە و هەتا چەند پەیوەندیی بە ئەربیلەوە هەیە؟

کۆنترین ناوهێنانی ئەربیل Erbil لە مێژووی کۆن لە نووسراوی سۆمەرییەکان لە کۆتاییی سێ هەزاری پێش میلاددا بە ئور- بیلوم Urbílum ناوی هاتووە؛ لە سەرچاوەکانی بابلیی کۆن لە سەرەتای دوو هەزاری پێش میلاد بە ئوربێل Urbiel ناوی هاتووە؛ لە سەرچاوەکانی ئاشووریی نوێ و ناوەڕاستدا هەتا هەزارەی یەکەمی پێش میلاد بە ئەربەئیل **Arbail** ناوی هاتووە.[٢] لە سەردەمی فارسە ئەخمینییەکان بە شێوەی ئەربیرا Arbira ناوی هاتووە؛ لە کاتی هێرشی ئەسکەندەری مەکدۆنی لە ٣٣١ پێش میلاد و شەڕە بە ناوبانگەکەی لە گۆگامیلا لە نزیک هەولێر لە دژی دارای سێیەمی پاشای فارسە ئەخمینیەکان، بە ئەربێلا Arbela ناوی

هاتووه.[٣] له سەردەمی ئیسلامیش لەلایەن مێژوونووس و گەڕیدە عەرەبەکان بە ئەربل (أربل) ناوی هاتووە. گەڕیدە و مێژوونووس یاقوت حەمەوی (١١٧٩ – ١٢٢٩ میلادی)، لە سەفەرەکانی سەردانی هەولێری کردووە لە کتێبی "معجم البلدان"بە "أربل" ناوی بردووە.[٤]

لە خستنەڕووی ئەم ناوانە وەک دیارە، ئەم شارە لە سەردەمی ئاشوورییەکان ناوی ئەربەئیل بووە نەک ئەربائیلو، ئەم ناوەی دوایی کە لە Arba ی ئەکەدی (واتە چوار) و ilu ئیلو (واتە خواوەند) هاتووە کە پێکەوە واتە چوار خواوەندە؛ ئەم جۆرە شیکردنەوەیە بۆ ناوی ئەربیل کە گوایە لە ناوی چوار خواوەندی ئاشووری هاتووە، جۆن مەگینیس پێی وایە ئەمە ئیتیمۆلۆجییەکی ساختەیە بۆ ناوی شارەکە، چونکە ئەم "ئەربا Ar-ba " یە هیچ پەیوەندیی بە ژمارە چواری ئەکەدییەوە نییە، ئەمە تەنیا گۆڕانی دەنگی بێژەکردنی "ئوربی - لوم" ی سۆمەری بووە کە دواتر لە سەردەمی ئاشووریی ناوەڕاست بۆ ئەربەئیل Arbail گۆڕاوە نەک ئەربائیلو؛ هەروەها دەڵێ ئەگەر لەم ئەربائیلو Arba-ilu یە مەبەست چوار خواوەند بوایە، دەبوایە هەر بە نیشانەی ژمارە چواری خەتی بزماری ئەم ژمارەیە بنووسرایە، بۆ خواوەندیش بە هەمان شێوە، بەڵام وا نەنووسراوە، بەپێی نرخی فۆنەتیکی دەنگەکە نووسراوە ئەربەئیل.[٥] وەک دیارە ئەوانەی هەوڵ دەدەن ناوی ئەربائیلو بە ناوی ئەربیلەوە گرێ بدەن، هیچ بەڵگەیەکیان لە نووسراوە بزمارییەکاندا نییە، تەنیا بە وێکچوونێکی ڕووکەشی ناوەکە دەیانەوێ ڕیشەی ئەم دوو ناوە ببنەوە سەر یەک، نەگەڕاونەتەوە بۆ ڕیشەی مێژوویی ناوەکە کە لە پێشدا ناوی ئوربیلوم بووە، ئوربیلوم-یش هیچ پەیوەندیی بە ئەربائیلووە نییە، چونکە ئەم شارە دوو هەزار ساڵ پێش ئاشوورییەکان لای سۆمەرییەکان ناوی ئوربیلوم بووە.

ئەم شیکردنەوەیە بۆ ڕیشەی ناوی ئەربیل بنەمایەکی زانستی هەیە، چونکە دیارە ناوەکە چۆن هەنگاو بە هەنگاو ڕیشەکەی بە بەڵگەی بەرجەستە (خەتی بزماری) دەرکەوتووە و ساغ کراوەتەوە. لە پێش دەرکەوتنی ئەم مێژووە کۆنە، ڕیشەی ناوەکە نەدەزانرا، تەنیا ئەربل و ئەربیل و هەولێر هەبووە، بەڵام دوای دۆزینەوەی شوێنەواری سۆمەرییەکان و خوێندنەوەی

خەتی بزماری، بە بەڵگەی مێژوویی ئاشکرا بوو کە ناوی ئەربیل لە ناوە کۆنەکەی ئوربیلوم پەیدا بووە و گەشەی کردووە، لە سەردەمی نوێش بووە بە ئەربیل، بۆیە ئەربیل ناوی مێژوویی شارەکەیە. لێرەدا ئەم پرسیارە دێتە پێش کەواتە ناوی هەولێر لە چییەوە هاتووە؟ لە پشکنینی بەڵگە مێژووییەکان دەرکەوتووە ناوی هەولێر ڕیشەیەکی ئەوەندە کۆنی نییە و ناوێکی نوێیە بۆ ئەم شارە، هەروەها ناوێکە تەنیا لە کوردەواری هەیە، لای نەتەوەکانی دراوسێ نییە. بەپێی بەراوردی ناوی ئەربیل و هەولێر، مێژووناسان وەک تەها باقر و فوئاد سەفەر پێیان وایە ناوی هەولێری ئێستا، گۆڕانی دەنگیی ناوی ئەربیلە بۆ هەولێر.(٦) زوبێر بیلال ئیسماعیل لە کتێبەکەی لەبارەی مێژووی هەولێر، سەبارەت بە چۆنیەتیی گۆڕانی دەنگی ناوی ئەربیل بۆ هەولێر پێی وایە ناوی ئەربل و ئەربیل گۆڕاوە بۆ ئەرویل و ئەوریل و ئەولیر ئەوجا دواتر بۆ هەولێر.(٧)


گرنگترین سەرچاوەیەک کە ناوی شارەکەی بە "ئەوریل" هێنا بێت، لە لایەن مێژوونووسی بۆسنی نسوح سەلاحی (١٤٨٠ م – ١٥٦٤م) بووە کە بە مەتراقچی یان مەتراقیزادە ناسراوە. ئەم مێژوونووسە بە زۆر شاری جیهانی ئیسلامدا گەڕاوە و نیگاری شارەکانیشی بەدەستی خۆی کێشاوە. لە کتێبێکی بە ناوی" **منازل سفر العراقين للسلطان سليمان خان**"(٨) کە تۆمارێکی وردی هێرشەکەی سلێمان قانوونییە بۆ سەر دەوڵەتی سەفەوی، تێیدا باسی شەڕەکان و ئەو شارانەش دەکات کە سەردانی کردوون، کە یەکێک لەوانە شاری هەولێرە و بە "ئەوریل" ناوی هێناوە. ئەم ناوهێنانە لە ناوەڕاستی سەدەی شازدەمی میلادی بەڵگەی ئەوەیە کە ئەمە سەرەتای گۆڕانی ناوەکە بووە لە ئەربیلەوە بۆ هەولێر. وا دیارە بۆ ناوی شارەکە پشتی بە ناوە مەحەلییەکە بەستووە نەک ناوە کۆنەکە کە ئەربیلە.

بەگوێرەی سیستەمی گۆڕانی دەنگیی زمانی کوردی، دەکرێ بڵێین ئەم گۆڕانە دەنگییە لە ئەربیلەوە بۆ هەولێر ڕاستە، چونکە لە زمانی کوردیدا زۆر جار دەنگی هەمزە / ئـ/ دەگۆڕێ بۆ / هـ/ وەک ئەسپ دەبێ بە هەسپ، ئەندام: هەندام، ئاسن: هاسن، ئاسان: هاسان، ئێسک: هێسک،

ئاواڵ: هاواڵ، ئۆگر: هۆگر...تاد. هەروەها دەنگی / ب/ لە نێوان زارە کوردییەکان بەتایبەت زاری کوردیی ناوەندی و خواروو، زۆربەی دەنگی کۆنسۆنانتی / ب/ یەکانی کوردیی ناوەندی لە کوردیی خواروو (کەڵهوری و لەکی) دەگۆڕێ بۆ / و/ وەک باران: واران، بەهار: وەهار، زوبان: زوان. لە نێوان زمان فارسی و کوردییشدا دەنگی / ب/ دەگۆڕی بۆ / و/ وەک "آب" ی فارسی، لە کوردی دەبێت بە ئاو؛ ناوی شاری "تبریز" بە فارسی، لە کوردی دەبێت بە "تەورێز"، "خرم آباد" ی فارسی، لە کوردی دەبێت بە "خورماوا"،... تاد. بەهەمان شێوە دەنگی / ب/ لە ئەربیل گۆڕاوە بۆ / و/ بۆ ئەوریل. ئەم شیکردنەوەیە لە گۆڕانی دەنگی و جێگۆڕکێی پیتەکان لە ئەربیلەوە بۆ هەولێر زانستی دەردەکەوێت، لە سەرەتادا شارەکە ناوی ئوربیلوم بووە، دواتر بە تێپەڕبوونی کات گۆڕاوە بۆ ئوربێل، ئەربەئیل، ئەربیرا، ئەربێلا، ئەربل، ئەربیل، بەڵام لە ناوخۆی کوردەواری جارێکی دی ناوە کۆنەکە ئەربیل بەپێی سیستەمی گۆڕانی دەنگی زمانی کوردی، گۆڕانی بە سەردا هاتووە لە ئەربیلەوە بۆ ئەوریل ئەوجا هەوریل، هەوریل- یش جێگۆڕکێی پیتەکان کراوە و گۆڕاوە بۆ هەولێر.

هەندێک نووسەری کورد بە ناشارەزایی و بە ئیتیمۆلۆجییەکی نازانستی لە ڕیشەی ناوی "هەولێر" دەکۆڵنەوە، کە پێیان وایە ناوی هەولێر لە"هۆر لێر" هاتووە، "هۆر" واتە خۆر، "لێر" واتە لێرە (شوێن)، کە پێکەوە واتە شوێنی خۆر، بۆ ئەمەش ئاماژە بەوە دەدەن کە لە کۆندا ئەم شارە شوێنی پەرستنی خۆر بووە.(۹) ئەمەش ئیتیمۆلۆجییەکی نازانستی و هەڵەیە بۆ ناوی هەولێر، چونکە لە شیکردنەوەی ناوەکە نەگەڕاونەتەوە بۆ ڕیشەی مێژوویی ناوی شارەکە کە لە مێژوودا چۆن سەری هەڵداوە و گۆڕانی بە سەردا هاتووە، تەنیا ڕوواڵەتی وشەکەیان وەرگرتووە، بێ هیچ شیکردنەوەیەکی زانستی، بە وێکچوونێکی ڕووکەشی وشەکە، لە وشەیەکی دیکەی کوردی نزیک دەکەنەوە و مانایەکی لێ ساز دەکەن، کە ئەم جۆرە ئیتیمۆلۆجییە هیچ بنەمایەکی زانستی نییە و بە ئیتیمۆلۆجیی ساختە و جەماوەری دادەنرێت.

بەم پێیە، لە ڕێڕەوی لێکۆڵینەوەکان و لە دوا توێژینەوە لەبارەی مێژووی هەولێر و بەپێی بەڵگە نووسراوەکانی سەر تاتە قورپینەکان کە بە خەتی بزماری لەبەر دەستە، ئەم بۆچوونە ڕەت کراوەتەوە کە ناوی ئەربیل لە ناوی ئەربائیلوی چوار خواوەندی ئاشوورییەوە هات بێت، چونکە دوو هەزار ساڵ پێش ئاشوورییەکان، لە لایەن سۆمەرییەکان شارەکە ناوی ئۆربێلوم بووە، دواتر هەر ئەم ناوە لە سەردەمی ئەکەدی و بابلی و ئاشووری گۆڕانی دەنگی بە سەردا هاتووە بووە بە ئەربەئیل. ناوی هەولێریش کە ناوێکی کوردەوارییە بۆ شارەکە، هەر لە ناوی ئەربیلەوە گۆڕانی دەنگی بە سەردا هاتووە و بووە بە هەولێر. لێرەدا ڕوون دەبێتەوە کە  هەردوو ناو بۆ شارەکە، دوو ناوی مێژوویی ڕەسەنن، بۆیە زۆر گرنگە هەردوو ناو وەک یەک بەکار بێن، نابێ هەوڵ بدرێ ئەربیل پەراوێز بخرێ  و زیاتر هەولێر بەکار بێت، بە بیانوی ئەوەی کە گوایە ئەربیل ناوێکی عەرەبییە و هەولێر کوردییە. لە بیست ساڵی ڕابردوودا لە حکومەتی هەرێمەوە هەوڵێکی وا هەیە ناوی ئەربیل پەراوێز بخرێ، بۆ عەرەبی و ئینگلیزییش زۆر جار هەر هەولێر Hawler بەکار دێنن، ئەمە هەرگیز ڕاست نییە ناوی کۆن و مێژوویی شارەکە فەرامۆش بکرێ، ئەربیل ناسنامەی مێژوویی شارەکەیە و هیچ پەیوەندیی بە تەعریبەوە نییە، بۆیە زۆر گرنگە ئەربیل وەک خۆی لە عەرەبی و زمانە ئەوروپییەکان بمێنێتەوە، لە کوردییش، ناوە کوردەوارییەکەی کە هەولێرە بەکار بێت، هەردوو ناو بە زیندوویی و وەک خۆیان بمێننەوە.




بەرگی کتێبەکەی شوێنەوارناسی بەریتانی جۆن مەگینیس سەبارەت بە مێژووی شاری هەولێر لە نووسراوە بزمارییەکاندا، لە ساڵی ٢٠١٤ بڵاو کراوەتەوە.



**دەستنووسی كتێبی نسوح سەلاحی ناسراو بە مەتراقی زادە، كە تێیدا ناوی شاری هەولێر بە ئەوریل (أوريل) هاتووە.**

**سەرچاوە و پەراوێز**

---

1 - John MacGinnis, A City from the Dawn of History: Erbil in the Cuneiform Sources,Oxbow Books, Oxford, 2014.

2 - John MacGinnis. p. 24.

٣-طه باقر، من تراثنا اللغوي القديم: مايسمى في العربية بالدخيل، مطبوعات المجمع العلمي العراقي، بغداد، ١٩٨٠.ص ١٨٣ – ١٨٤.

٤ – شهاب الدين أبو عبد الله ياقوت بن عبدالله الرومي الحموي،معجم البلدان، دار صادر، الطبعة الثانية، بيروت، ١٩٩٥. كلمة (إربل)، ص ١٣٨.

5-John MacGinnis. P. 23.

٦ – طه باقر و فؤاد سفر، المرشد الى مواطن الاثار و الحضارة، بغداد، ١٩٦٦. ص٦.

٧- زبير بلال أسماعيل، أربيل في أدوارها التأريخية، مطبعة النعمان، نجف، ١٩٧١. ص ٦٢.

٨ - ئەم کتێبە بەتورکی عوسمانی نووسراوە و تەرجەمەی عەرەبی کراوە بە ناوی "رحلة مطراقي زاده لنصوح أفندي السلاحي الشهير بمطراقي زاده" بڵاو کراوەتەوە. کۆپیی دەستنووسە عوسمانییەکەی بە پی دی ئێف هەیە، بەمدواییە لەلایەن کاک ڕزگار جەباری لە فەیس بوکەکەی بڵاوی کردەوە و ئەو لاپەڕەیەشی نیشان دا کە ناوی "ئەوریل" ی تێدا هاتووە. بڕوانە:

رحلة مطراقي زاده، لنصوح أفندي السلاحي الشهير بمطراقي زاده، ترجمة: صبحي ناظم توفيق، تحقيق: د. عماد عبدالسلام رؤوف، المجمع الثقافي، أبوظبي، ٢٠٠٣.

٩ - د. مهدي كاكەيي، محاولات يائسة لطمس التاريخ الكوردي العريق والحضارات الكوردية العظيمة، مجلة زار و زمان، السنة الثالثة، العدد ١١، ٢٠٢٤. ص١٩٠.